www.kurdistannet.org

Revolutionareis Union of Kurdistan | یه کێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

Central Committee | کۆمیته ی ناوەندی

# به یاننامه

کۆمه ڵانی به شه ره‌فی خه ڵکی کوردستان!

پێشمه رگه وئه ندام و لایه نگرانی یه کێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان له ناوخۆو دەرەوەی وولآت!

بنه ماڵه ی سه ربه رزی شه هیدانی ڕێگای ڕزگاری !

حیزب وڕێکخراوەکانی کوردستان و ئێران!

یه کێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان له ماوەی 12 ساڵ خه باتی بێ پسانه وەی له دژی کۆماری ئیسلامی سه لماندی که هێزێکی شۆڕشگێڕو پارێزەری خاکی کوردستانه و له م پێناوەدا به دەیان قارەمانی له دەست داوە،کاروانی ئالآ گه ورەترین پۆله شه هیدی یه کێتیمانه که گیانیان کرد به فیدای خاك و ئالآی کوردستان و زستانی سه ختیان کرد به به هاری سه رسه وزو گڕی لوله ی چه که کانیان به فری سه رلوتکه ی چیاکانی تواندەوەو گولله ی چه کی پێشمه رگه سینگی داگیرکه رانی کوردستانی ئاژن ئاژن دەکرد! یه کێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هه رله ڕۆژی دروست بونیه وه تا به ئه مڕۆ خۆی به هێزێکی کوردستانی و ئازادی خوازو دژ به هه ر جۆره دیکتاتۆرییه ك زانیوەو دەزانێ، به لآم ماوەیه که که سانێکی هه لپه رەست و مه قام ته ڵه ب و نامه سئول له ژێر ناوی پیرۆزی پێشمه رگه و به ناوی خه بات کردن بۆ ئازادی کوردستان دەخوازن ئه م ئازادی و سه ربه ستی یه پێشێل بکه ن و دەسه لآتی ڕەشی خۆیان به سه ر یه کێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا بسه پێنن و بیکه ن به ئالەتی دەستی بنه ماڵه یه ك و به ئارەزوی خۆیان یاری به چارەنوسی ئه ندامه کانیه وه بکه ن! دوای هوشدار پێدان به م که سانه بۆ خۆ ئیسلاح کردن که چی زۆر سه رەڕۆیانه په رەیان به کاره نامه سئولانه کانیان داو بێ گوێ دانه هیچ نه زم و دیسیپلینێك ڕۆژ له دوای ڕۆژ یاسا شکێنی زیاتریان دەکرد! بۆیه کۆمیته ی ناوەندی یه کێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بڕیاری دا به دەرکردنی ئه م که سه هه لپه رەست و نامه سئولانه که بریتین له1. حسین یه زدانپه نا که وەك سکرتێری گشتی خۆی سه پاندبوو به سه ر یه کێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان دا 2. حسن یه زدانپه نا که وەك ئه ندامی کۆمیته ی ناوەندی، حسین یه زدانپه نا مه سئولیه تی پێدابوو هه ر چه ند ته مه نی که م بوو! ئه م دوو که سه له ڕێزی یه کێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان دەرکران و مه سئولیه ته کانیان لێ ئه ستێنرایه وەو له مه و به دوا ئه م ناوبراوانه



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

www.kurdistannet.org
ئه نـدامـــــــی یه کێتی شۆڕشگێڕانـــــی کوردستان نین و هیچ په یوه ندییه کیان به یه کێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانــــــه وه نه ماوه‌و بۆیان نیـــــه به نـــاوی ئه ندامی یه کێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانه وه خۆیان بناسێنن به هیچ که س و لایه نــــێك! حســــــین و حســـن یــه زدانپه نا به هۆی ئه م کاره نامـــــــه سئـــولانه وه له ناو ڕیزه‌كانی یه کێتی شۆڕشگێڕانی کوردســــــــتان ده‌رکران که بــریتـــین لـــه.

1. دانیشتن له گه ڵ سوپای پاسدارانی كۆماری ئیـــــــسلامی به بــــێ ئاگــــــــــاداری كۆمیته ی ناوه‌ندی ساڵی 2003 .
2. یارمه تی دانی لایه نێك له لایه نه كانی شه ڕی براكوژی به بێ ڕه‌زامه ندی كۆمیته ی ناوه‌ندی ساڵــی 1993 بۆ 1996 .
3. دزیـنـی ســه روه‌ت وســـامــانـــی (اموال) یـــه كێـتی شـۆڕشـگـێڕانی كـوردســـتان .
4. وجــودی فه ســـادی ئـــه خـلاقـــی له زاتـــی ئـــه م دوو كـــه ســـه دا .
5. بێ حوڕمه تی كردن به كادرو پێشمه رگه و به كوشت دانی پۆلێـــك پێشمه رگـــه به ده‌ستی كه سانی نامه سئول ساڵی 1996 لــــه (ســوسێ) ی ســـه ر به پارێـــزگای ســــــلێمانـــــی .

**شایه نی باسه تا كاتی ده‌نگدانی گشتی بۆ هه ڵبژاردنی سكرتێر كۆمیته ی ناوه‌ندی كاره‌كانی سكرتێر به ڕێوه ده‌بـــات .**

## كـــۆمیته ی ناوه‌نـــدی

## یه كێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان

25/12/2003


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com